www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-11-2005 12:47

## با ئەم جارە ژیرانە دەنگ بدەین ... کوردێک

هیچ کەس ناتوانێ نکۆلی لەکارو خەباتی نەپساوەی هەردوو حیزبەگەورەکەی کوردستان بکا کەهە مووکار و کردەوەیەکیان هەر لەسەرەتای درووست بوونیانەوەتا سەردەمی راپەڕین هەموو لەپێناو خزمەت کردن و بەرەوپێش بردنی خەباتی گەلەکەمان بووە.

بەڵام ئەمەناکاتە ئەوەی کەئێمەتا قیامەت چاو پۆشی لەهەموو کردەوە خراپەکانین بکەین کە گەیشتۆتە رادەیەك هەندێ کەس بەگوومانەوە ئەڕووانن‌ەکارەکانیان کەبەراستی پانزەساڵ دزین وبەتالان بردنی ماڵ و موڵکی خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی کەس و کاری خۆیان لەهەموو دام و دەزگا کان، برسی خستنی خەڵك و بەکەم زانینی کەسو کاری ئەو شەهید و ئەنفالانەی کەتا پێش شەهید بوونیان لەهەموو سەنگەرەکانیاندا لەپێشی ئەم جوامێرانەی ئێستای سەر حکوومەتی گەندەڵی هەردوو لان باشترین پاداشتی ئو دوو حیزبەن بەرامبەر خەڵکی کوردستان.

بۆیەئالێرەدا ئەڵێم کەتا ئێستا وەك وەفایەك بەرامبەر رابردوویان دەنگمان پێدابن ئەوا لەئێستاوەکاتی ئەوەهاتووێ بۆ بەدیلێك بگەڕێین کەوا ئەزانم لەئێستاش باش ترین بەدیل یەکگرتووی ئیسلامی یە، وەپێشم وایەزەمەن بەشی رووڕەش کردنی ئەویشی ماوەگەر بەدڵی خەڵك کارەکانیان رانەپەڕاند ئیتر سوپاس